# تابلۆو زەردەخەنەو ئازادی

عومەرمحەمەد

پیاوێك لەگەرمیانەوە هاتولەکوێستان هەوارگەی خست، لە باباگوڕگوڕچاوی هەڵهێناولەسلیمانی چاوی لێکنا، لەقەشقە دارەدارەی کردوو لە سەیوان بەیەکجاری راکشا، ماڵی دنیای ئەو .. جگەلە زەردەخەنەو تابلۆو ئازادی شتێکی دی نەبوو، گەرمیانیەکی مرۆڤ، مرۆڤێکی داهێنەر.. ئەو بەسێ توخم تابلۆکانی دەخولقاند، توخمێك لە خەمی ئەنفالویەکێك لەخەمی ئازادیو ئەوی تریان لە خۆشەویستی ئەبەدی بۆمرۆڤ، وەلی ئەفسوس.. هەرمرۆڤیش بوو ناخی پردەکرد لەخەم، ئەو بەحەوت ڕەنگ، هەزاران واتای دەبەخشی، ئەوهەردەیبەخشیو وەری نەدەگرت، وەلی زۆرن ئەوانەی هەر وەردەگرن ونابەخشن.

ئەوو وا نەبوو ..

هەمیشە بەفلّچەیەك وجگەرەیەك و زەردەخەنەیەکەوە دەمبینی، دوو پەنجەودوولێو.. چوارئەندام بەجەستەی ئەو پیاوەوە هەمیشە ئاشناو ئالّودەی جگەرەبوون.

ئەو مرۆڤە بۆ وابوو؟!.. ئەگەرلێوەکانی زەردەخەنەیان لێبرابا ئەستەمبووجگەرەیان لێبرێ، دوکەڵی جگەرە هەمیشە وەك تەمی دامێنی بنار، بەرەولوتکە هەڵکشێ بەرەو روخساری هەڵدەکشاو لەناو قژە ماشوبرنجیەکەیدا ووندەبو، ئەو هەمیشە جگەرەی دەسوتاندوجگەرەش ناخی ئەو، غازی هەمیشە خەمبار بوو، بەلاّم ئەستەم بوو زەردەخەنەی لێبرێ، لەتاریکستانیشدا هەمیشە خۆرێکی لەباخەڵدابوو، ئەو رۆژانەی هیوا بەقەد تلیاك لەبەهەشت یاساغ بوو، کەچی ئەو هیوایەکی گەورەی پێبوو، عیشقێکی هەبوو ئەستەم بوو بەدکەڵ بخنکێ ، من لە هەواڵی کۆچی ئەودا جگە لەخەمباریوشەرمەزاری هیچم نەبوو بیلێم، بۆیە هەمیشە لەبەرخۆمەوە دەلێم بمبورە غازی گیان بمبورە، بروابکە هیچم نەبوو بۆمەرگت بینوسم، هیچم شکنەبرد پربەبەژنی بەرزی تۆ بێت، بۆیە بەبێدەنگی کڕدانیشتموبەبێدەنگی رێزم لەمەرگت گرت.

بۆشەرمەزارنەبم ئەوەنیە تۆ رۆیشتیت بۆگۆرستانومن لەجیهانیکدا پێدەکەنم پرە لەغەدر، تۆ هەمیشە برینێکت بەجەستەی گەرمیانەوە دەبینی، بەمەرگی باڵندەیەکی بن گویسوانەکانی گوندی قەشقە دەمردیتو زیندو دەبوویتەوە، بەسەرجەستەی ساردەوەبووی بالندەیەکەوە هەلدەتروشکایتوتەریق دەبوویتەو، دەتوت ئەم بەستەزمانانە لەسۆنگەی کورد بوونی ئیمەوە بەم دەردە چوون. تۆ مەرگی پاسارییەکی هەڵەبجەوداركونگەرەیەکی بالیسانوکەندەسمەیەکی سێوسینانت کردبووە مەرجی دۆرانی بەشەرییەت، ئەوە هەستی تۆبوو، وەلی بەبەرچاوانتەوە، پیاوانێکی شاڵ لەبەرومشکی لەسەر بەدەم

دیلکردنی کچەگەرمیانیەکانەوە گۆرانیان دەگوتوئەمێستاش بەسەرئیسکوپروسکی ئەنفالەکانی بابانەوە قاقا لێدەدەنو بەسەرحوزنی فرۆشتنی ژنوهەراجکردنی مندالأنی ئەنفالەوە سەمایەکی گەوجانەو هەڵپەڕکێیەکی فاشیانەدەکەن. غازی مرۆڤ بوو..

فەریدە دەیووت: لەخەونیشدا چلێك نێرگزی پێبوو بۆ دڵدانەوەی منداڵەکەرکوکییەکان.

دیلان دەیگووت: ئەوهەمیشە شەونمی سەرگەڵاکانی کوێستانی دەگرتەوەو دەیناردنەوە بۆ رۆحی ئەو مرۆڤانەی لەمبەروئەوبەری چەمی رۆخانەو ئاوەسپی ئەنفالکرانولەبیابان رۆحیانکێشراوبەکۆمەڵ وشککرانەوە.

وای لە رۆحی گەورەی ئەو هونەرمەندەی من دەمناسی، کورە هەر سەیر بوو سەیر .. ئەو رەشتاڵە بوو کەچی ناخی وەك کلوی بەفرسپی بوو، خەمی دەخوارد، کەچی زەردەخەنەی دەبەخشیەوە، غەدریانلێدەکرد، بەڵام بەنوکتەیەكو قسەیەکی خۆش غەدداری ترۆکرد، ئەوبەقەد ژمارەی مرۆڤە ئەنفالکراوەکانی ئەم وڵاتە خەم داپۆشیبوو، دەڵێن ژمارەی ئەنفالکراوەکانمان سەدوهەشتاودووهەزار ئینسان بون، بەڵام کێ دەتوانی ئەم ژمارەیە بەراستی ساغ بکاتەوە، لەناوئەو ژمارانەدا سەدان ژنی دووگیان ، سەدان نۆبوكوتازە زاوای گەرمیانیو بادینانیوسۆرانیوهەورامی هەبوون، ئەوهەمیشە خەمی ئەنفال جگەرەی پێدادەگیرساندوفلچەی پێدەوەشاند. هەندێکجار بەدیار تابلۆیەکی ئەنفالەوە تاس دەیبردەوە، ئەو ساتانە کێ دەیزانی بیر لەچیدەکاتەوە، ئەو لەرۆمانسێتێکدا وونبوو، جیاوازبوو لەرۆمانسیەتی ئەو هونەرمەندانەی خەونیان بەدیداری سەرۆکەوە دەبینی، ئەو هونەرمەندانەی سەرۆکیان بەقارەمانوفریشتەی ئازادی دەزانیو خۆیان لەسێبەری یاساوڵەکانیشی زارەترەك بوون. ئەوانەی بەهەڵامەتی سەرۆك تووشی گرانەتا دەبنو هەزار پیرەپیاوی نوگرەسەلمان لە تینوا بخنکێ ئۆفێك ناکەن.

وەلی ئەو وانەبوو.. ئەو لەکەلتورێك یاخی بووکە تیایدا مرۆڤومالأتومریشك سەربرینیان وەك یەك حەڵاڵ بوو، لەکارەساتی دەڤەرێك گەرابووەوە کە تیایدا مرۆڤومێشومێشولە وەکو یەك مەحکوم بوون بە قەڵاچۆکردن، بەلێ کارەسات، تەنانەت ئەومەلانەشی نەبوارد کە وەك گوندنشینەکانی کوردستان، هیلانەیان لەدامینی چیاو لەناو باخو دارستاندا کردبوو، ئەو باڵندانەی وەك کورد بەکۆمەڵ کوژران بێئەوەی دەنکە تۆوێکی بیابانیان خواردبی، ئەوانیش بە ژەهرە بۆنخۆشەکانی سەرۆك قڕکران, قیژەوزریکەی مەرگی بەکۆمەلی باڵندەکان لەناوهاواری پیرەمێردو زریکەی منداڵوقیژەی دایكونالەی رۆح دەرچوونی مرۆڤوگرموهوری فرۆکەونەرەنەری خەزرەجیدا سالأنێکی زۆر بێسۆارخ مانەوە، ئەومەلانەی لەگەڵ کورد مردنولەگەڵ کورد ئەنفالکرانو لەگەڵ کورد حەشرکران، ئەوانەی لەمێژبوو غازی بە بە سۆراخیانەوەبوو، باشدەزانم حەسرەتی مەرگی ئەو مەخلوقانە تۆی کوشت کەپرسەیان قەدەغەوناشتنیان حەرام بوو، ئەوکوردو باڵندانەی تەنانەت رۆژنامەنوسانیش لەئاست مەرگیان خەمساردودڵرەقبوون.

غازی هونەرمەند بوو.

غازی مرۆڤ بوو.

نوکتـەکانی وەك خـۆی جـوانو وەك زمـانی شـیرینو وەك ورەی بـەرزبوون، تابلۆکـانی پـرن لەمـەرگی مندالّومـەرگی مەلومێرووولـە، پـرن لەبرینـداربوونی شعوروشـکاندنی قـامیشوحوزنی شمشالّوقۆپـچەو دەرزیلەوپیلاّوی بەجیماوی مندالّە ئەنفالەکانی تۆپزاوا. دەموودووی خـۆشو پربـوون لەواتاوچێژوجوانی، نیگاکانیی بەوتەمەنەوە عیشقیان لێدەباری، غازی مرۆڤ بوو. هەرمالّی هاورێیەتیومتمانەودۆستایەتی بوو، سەفەرەکانیی بەو هەمووودوکەڵەوە پربوون لە جۆشوخرۆشولەزەت. غـازی خەسـارەت بـوو، ، مـەرگی ئـەو قەدەرنەبووکۆستی تێکشکانی مرۆڤ بوو، غازی گەورە بوو.

دوکەلێکوتەمێکورقێکومەرگێك لەتابلۆکانیدا هیمابوون بۆ ژیانێکی سـەخت بەدەست بەعـسیزمەوە، ئەمانە تابلۆی هونەرمەندێك بوون مەرگ دۆست نەبوو، نا نا هەمیشە هەر پێدەکەنی، بـەلاّم ئـەو دەیزانـی واتای پێکەنین چیە، ئەوگیلانە نەدەخەنی دەیزانی کەیوچۆنوبۆچی دەخەنیّ، خەنینی ئـەو بەعـسیەکان، ئەنفالـــچیەکان، دزەکـــان، دووپـــیێ فـــرتو فیلبازەکانوگەندەڵـــەکانی مـــۆن دەکـــرد، وەلێ مرۆڤـــە چەوساوەکانوپیریژنە ئەنفالەکانی دەخستە نەشئەوپێکەنین.

ئەو وابوو  ئێوەش دەزانن ئەو .. وابوو